# دووەم: مەنهەجی حزبیەکان لە وەرگرتنی بەڵگە شەرعیەکاندا

دوای ئـەوەی گـوێم لــە وتــاری هەنـدێك لــە مامۆسـتایانی حزبــە ئیـسلامیەکانی کوردستان بـوو سـەبارەت بـە بابـەتی حزبایـەتی، بینـیم ئـەو مامۆسـتایانە زۆرێك لەبەڵگە شەرعییەکان تەئویل دەکەن بۆ ئـەوەی هەرچۆنێك بێـت بیـسەلمێنن کـە حزبایەتی دروستە لە ئیسلامدا، وە هیچی تێدا نیـە کـە موسـوڵمانان دابەشـبوون و تەفرەقەیان تێبکەوێت وەکو لەم ڕۆژگـارەی خۆمانـدا دەبینرێـت، لـەم پێناوەشـدا چـەندەها بەڵگـەی قورئـان و فـەرموودەی ڕاسـت تأویـل دەکـەن ، تـاوەکو لەگـەڵ بنــەمای حزبایەتیـدا بیگـونجێنن، پاشـان بەخـەڵکی بڵـێن ئێمــە لــە خۆمانــەوە حزبایەتی ناکەین بەڵکو بەڵگەی قورئان و سوننەمان پێیە ! ! ! .

خاڵێکی تر کەوای لێ کردم ئەم پەرتووکە بنووسم، ئەوەبوو دەبینم هەندێ کـەس فــەتوای هەنـدێك لــەزانایانی ئــەهلی ســوننە نــەقل دەکــەن، بــەوەی ئــەو زانایانــە حزبایــەتی و گروپــە ئیـسلامیەکانی ســەردەم وەکــو (ئیخـوان موسـلمین و کۆمــەڵی تەبلیغ ) بەدروست دەزانن! ! .

ئەم جۆرە کەسانە سەریان لەزۆرێك لە گـەنجان شـێواندوە؛ بـەوەی دەڵـێن: ئـەی خەڵکینە ئەمـە فـەتوای ( ابـن بـاز و ئـەلبانی) یــە ! !، کـە حزبایـەتی و تەفرەقـە بەدروست دەزانن ! ! .

ئایا چۆن دەبێت ئەم زانایانە: (ابن باز و ئەلبانی) حزبایەتی و تەفرەقـە بەدروسـت بزانن؟، لەکاتێکدا ئێمـە لەوانـەوە فێربووینـە کـە حزبایـەتی و تەفرەقـە لـە دینـدا دروست نیە ! ! .

لەڕاستیدا ئەو فەتوایانەی کـە ئـەوان نـەقڵی دەکـەن، لەبـەر ئـەوە نیـە کـە ئـەوان شوێن وتەی ئەو زانایانە دەکەون، یان بەقسەی ئەو زانایانە کردار ئـەنجام دەدەن، بەشـێوەیەك ئەگـەر زانایـانی ئـەهلی سـوننە حزبایـەتیان بەدروسـت زانـی ئـەوە

ئەوانیش بەدروستی بزانن، وە ئەگەر بەحەرامیان زانی ئەوانیش بەحەرامی بزانن، نەخێر بەو شێوەیە نیە، بەڵکو بنەمای سەرەکی لای ئەوان بریتیە لە تێڕوانینی خۆیان ، یان مەنهەج و بەرنامەی حزبەکەیان ، وە ئەگەر زانایەك لەنێو خەڵکیدا ڕێزێکی تایبەتی هەبوو وەکو ( ابن باز و الألباني و ابن العثيمين و صالح الفوزان) ئەوە هەوڵ دەدەن قسەی ئەم زانایانە تأویل بکەن و بەکاربهێنن بۆ مەبەستی حزبی خۆیان، ئەگەر کرا ئەوە دەیکەنە بەڵگە بەسەر سەلەفی یەکانەوە، وە ئەگەر بۆیان تأویل نەکرا، ئەوە هەوڵدەدەن ئەو فەتوایانە بشارنەوە کە لەگەڵ هەواو ئارەزووو و مەرامی حزب دا ناگونجێت، وە ئەگەر ئەمەشیان بۆ نەکرا و خەڵکی پێیانی زانی بەوەی فەتوای زانایان پێچەوانەی مەنهەجی ئەوانە و نهێنیەکانیان ئاشکرا دەکەن ، ئەوە ئەو کاتە ئەم زانایانە ناشیرین دەکەن و تانەو تەشەریان لێ دەدەن و دەڵێن بەخەڵکی ئەی خەڵکینە ئاگادار بن ئەم زانایانە لەواقع تێنەگەیشتوون یان پیاوی کاربەدەستەکانن یان پیاوی عەلمانیەکانن....یان... یان... هتد.

**بەم شێوەیە حزبیەکان کاتێك بەڵگەیەك لە قورئان و سوننە یان لە ئیجماع و قسەی زانایان نەقڵ دەکەن، بۆ ئەوەیە پاڵپشت بێت بۆ بیدعەکەیان نەوەك بۆ ئەوەی بیکەن بەبەڵگەیەك بە پێ ی ئەو بەڵگەیە بجوڵێنەوە یان بە پێ ی بەڵگەکانی قورئان و سوننە عەقیدە و ڕێبازی خۆیان جێگیر بکەن**"للإعتضاد لا للإعتماد"، نەخێر گرنگی بەوە نادەن و بەپێ ی قورئان و سوننە و تێگەیشتنی سەلەف ناجوڵێنەوە، بەڵکو هەموو کات ڕێباز و عەقیدەی ئەوان ئەوەیە کە سەرکردایەتی حزب داینا‌وە، وە هەموو کات دەڵێن ئایا تۆ لە مامۆستا فلان باشتر دەزانیت؟!!.

* "شيخ الإسلام ابن تيمية"-ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەربارەی شێوازی وەرگرتنی بەڵگە لای ئەهلی بیدعە دەفەرموێت:

(إن السلف كان إعتصامهم بالقرآن والإيمان، فلما حدث فى الأمة ما حدث من التفرق والإختلاف صار أهل التفرق والإختلاف شيعاً، صار هؤلاء عمدتهم فى الباطن ليس على القرآن و الإيمان، ولكن على أُصول إبتدعها شيوخهم، عليها يعتمدون فى التوحيد و الصفات و القدر والإيمان بالرسول وغير ذلك، **ثم ماظنوه أنه يوافقها فى القرآن احتجو به، وما خالفها تأولوه**، فلهذا تجدهم إذا احتجوا بالقرآن والحديث لم يعتنوا بتحرير دلالتها، ولم يستقصوا ما فى القرآن من ذلك المعنى. **إذ كان إعتمادهم فى نفس الأمر على غير ذلك. والآيات التى تخالفهم يشرعون فى تأويلها شروع من قصد ردّها كيف أمكن، ليس مقصوده أن يفهم مراد الرسول ﷺ، بل ان يدفع منازعه عن الإجتماع به**) " مجموع الفتاوى" (١٣ / ٥٨-٥٩)

واتە: ((سەلەف دەستگرتوو بوون بەقورئان و سوننەت و ئیمانەوە، وە کاتێك لەنێو میللەتی موسوڵماناندا تەفرەقەو جیاوازی ڕوویدا، ئەوکاتە ئەوانەی ئەهلی تەفرەقەو جیاوازی بوون دابەش بوون بۆ چەند گروپ و کۆمەڵێك، ئەو گروپانە بنچینەو بنەمای عەقیدە و ڕێبازیان لەناخدا لەسەر قورئان و ئیمان نەبوو، بەڵکو لەسەر چەند بنچینەیەك بوو کە سەرکردە و گەورەکانیان دایان هێنابوو، وە پشتیان بەو بنەمایانە دەبەست لەبواری تەوحید و سیفات و قەدەر و ئیمان بە پێغەمبەر ﷺ و جگە لەمانەش، **پاشان هەردەقێك لەقورئاندا وا گومانیان ببردایە کەگونجاوە لەگەڵ ئەو بنەمایانەی سەرکردەکانیان دایان هێنابوو، ئەوا ئەو دەقەیان وەردەگرت و دەیانکرد بەبەڵگە، وە ئەوەی پێچەوانە بووایە لەگەڵ بنەماکانیاندا ئەوە تەئویلیان دەکرد و لەمانا ڕاستەکەی خۆی لایان دەدا. بۆیە دەیان بینیت کاتێك ئەگەر قورئان و فەرمووده وەکو بەڵگە بهێننەوە ئەوە گرنگی نادەن بەوەی ئەو مانایەی کە مەبەستە بە وردی دەریبهێنن، وە هەروەها ئەومانایە باس ناکەن کە پێچەوانەی ڕێبازی ئەوانە، چونکە لەڕاستیدا پشت بەستنیان لەم جۆرە کردارەدا بە قورئان و فەرمووده نیە بەڵکو لەسەر شتی ترە،**

**وە ئەو ئایەت و دەقانەی پێچەوانەی ڕێبازی ئەوانە هەوڵدەدەن تـەئویلی بکـەن، بەهەر شێوەیەك کەبتوانن بەناوی تەئویلکردنەوە ئەنجامی بـدەن، بەمەبەسـتی ئەوەی ڕەتی بکەنەوە ، وە مەبەستیان ئەوە نیە کە ئەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ مەبەسـتێتی تێبگـەن، بـەڵکو دەیانـەوێت بەرپەرچـی بەرامبـەر بدەنـەوە لـەوەی بەرامبەر دەیکاتە بەڵگە بەسەریانەوە))**

❊ابـــن القيـــــم- ڕەحمـەتی خـودای لـێ بێـت – دەربـارەی ئـەهلی بیـدەع دەفەرموێت:

( **نظروا فى السنة فما وافق أقوالهم منها قبلوه، وما خالفها تحيلوا في رده أو رد دلالته**، وإذا جاء نظير ذلك أو أضعف منه سنداً ودلالةً، وكان يوافق قـولهم: قبلـوه، ولم يستجيزوا رده ، واعترضوا به على منازعهم، وأشاعوا وقرروا الإحتجـاج بـذلك السند ودلالته، فإذا جاء ذلك السند بعينه أو أقـوى منـه، ودلالتـه كدلالـة ذلـك، أو أقوى منه في خلاف قولهم: دفعوه ولم يقبلوه! ) "إعلام الموقعين"(١/٧٦)

واتە: ((**ئەهلی بیدعە دەڕواننە ئاین و سوننە و سەیردەکەن ئەوەی لەگەڵ ووتـە و بیروباوەڕی خۆیاندا گونجاوبێت ئەوە وەری دەگرن، وە ئەوەشـی پێچەوانەی بێت هەوڵـدەدەن فێڵێـك بدۆزنـەوە بـۆ ڕەتکردنـەوەی خـۆی یـان ماناکـەی**، لەکاتێکدا هاوشێوەی ئـەو بەڵگەیـە یـان بـێ هێزتـر لـەو بەڵگەیـە لـە ڕووی سـەنەد و مانـاوە وەردەگرن و بەدروستی نازانن ڕەتبکرێتەوە بەمەرجێك گونجاو بێت لەگـەڵ قسـەو عەقیدەیاندا ، وە دەیکەنە بەڵگە و خـاڵی ڕەخنـە بەسـەر بەرامبەریانـەوە و هـەوڵ دەدەن بڵاوی بکەنەوە و بیسەلمێنن کە ئەمە بەڵگەیانە لـەڕووی سـەنەد و مانـاوە، بەڵام ئەگەر فەرموودەیـەك هاتبێـت بـە هـەمان شـێوەی فـەرموودەی پێـشوو یـان بەهێزتر بێـت لـەرووی مانـاوە لـە فـەرموودەی پێـشوو، بـەڵام پێـچەوانەی قسـە و بیروباوەڕی ئەوان بێت، ئەوە لەو کاتەدا ڕەتی دەکەنەوە و وەری ناگرن))

بەم شێوەیە حزبیەکانی ئەمڕۆش ئەو بەڵگەیە باس دەکەن کە بۆیان تأویل دەکرێت ، وە ئەگەر بەڵگەیەك لە قورئان یان لەسوننە یان لە ئیجماعی زانایان لەگەڵ مەرام و مەبەستی ئەواندا نەگونجا، یان بە ئاسانی بۆیان تأویل نەکرا، ئەوە هەوڵ دەدەن بیشارنەوە و باسی نەکەن.

وە پێویستە ئەوە بزانین کاتێك بەڵگەی قورئان و فەرموودە یان ووتەی زانایان نەقڵ دەکەن بۆ ئەوە نیە پشت بەم بەڵگانە ببەستن بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەم بەڵگانە پاڵپشت بێت بۆ بیدعەکەیان، چی لەڕێگەی تەئویل کردنەوە یان لە ڕێگەی هەڵگێڕانەوە بێت، چونکە هیچ کات دەقە شەرعیەکان یان ووتەی زانایانی ئەهلی سوننە و سەلەفی صالح پاڵپشتی بیدعە ناکات.

بۆیە دەبینین ئەوانەی باس لەوەدەکەن کە حزبایەتی دروستە یان بەڵگەی قورئان و فەرموودە نەقڵ دەکەن لەسەر بابەتی حزبایەتی، هەموو کات ئەو بەڵگانە بەپێی تێگەیشتنی خۆیان تەفسیری دەکەن و ناگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بزانن زانایان چۆن ئەو دەقانەیان تەفسیر کردوە ، یان زۆر جار لە تەفسیرکردنەکەدا ئەو شوێنەی لەگەڵ ڕێبازی ئەواندا ناگونجێ دەیبڕن یان دەیشارنەوە ،بۆ نموونە زۆر جار دەبینین بۆ ئەوەی حزبایەتێکەی خۆیان بشەرعێنن دەڕۆن ئەم بەڵگانە دەهێننەوە وەکو بەڵگەی " ألا إن حزب الله هم المفلحون" یان فەرموودەی" عليكم بالجماعة ...." چونکە بە ئاسانی بۆیان تأویل دەکرێت، بەڵام زۆر بەکەمی دەبینیت باسی فەرموودەکەی "حذيفة" بکەن کە پێغەمبەری خودا ﷺ پیێ ی فەرموو : " فاعتزل تلك الفرق كلها ولو تعضَّ بأصل الشجرة حتى يدركك الموت و أنت على ذلك" چونکە ئەم فەرموودەیە زۆر ڕوونە لەوەی تەفرەقە و حزبایەتی لە ئیسلامدا دروست نیە، وە تأویل کردنی زۆر قورسە.

یان کاتێك دەڵێن ((شێخ ابن باز )) حزبایەتی بەدروست دەزانێت یان (( شێخ ابن باز )) کۆمەڵی ئیخوان و تەبلیغ بەدروست و شەرعی دەزانێت، ئەو فەتوایانە ناهێنن کە بەخراپە باسیان دەکات، یان ئەو فەتوایانە ناهێنن کە شێخ ابن باز

لەکۆتایی ژیانیدا دەربارەی تەبلیغ و ئیخوان دابووی، کە لەڕاستیدا ئەمانە بە فەتوای ((شێخ ابن باز )) دادەنرێت چونکە کۆتا فەتوای شێخ "ابن باز"ــە دەربارەی ئەم حزبانە، بەڵکو ئەوان دەڕۆن ئەو فەتوایانە دەهێنن کە (( شێخ ابن باز )) یان زانایانی تر داویانە پێش ئەوەی ئەم حزبانە بەشێوەی حەقیقەتی خۆیان دەرکەون ، یان لە کاتێکدا ئەم فەتوایانەیان داوە کە بەشێوەیەکی هەڵە پێناسەی ئەم حزبانەیان بۆکرابوو ، وەکو ئەوەی بە (( شێخ ابن باز )) یان ووت بوو: کۆمەڵی تەبلیغ گرنگی بە تەوحید و بیروباوەڕ دەدەن یان خەڵکی ئاگادار دەکەنەوە لەشیرك و بیدعە، کە لەڕاستیدا وانیە، وەکو چۆن لەکۆتایدا بۆ(( شێخ ابن باز )) ڕوون بویەوە کەوا کۆمەڵی تەبلیغ کۆمەڵێکی صۆفی بیدعەچی سەردەمین.

یان زۆر جار دەبینین لەبابەتێکدا قسەی زانایەکی ئەهلی سوننە دەکەنە بەڵگە بەسەر سەلەفیەکانەوە ، بەڵام لە بابەتێکی تردا بەهیچ شێوەیەك باس ئەو زانایە ناکەن و قسەی لێ وەرناگرن ، بۆ نموونە :

١. لەبواری "حكم بغير ما أنزل الله" یان لە بواری یاسا دەستکردەکاندا هەندێ جار فەتوای شێخ "صالح الفوزان" نەقلْ دەکەن و دەیکەنە بەڵگە بەسەر سەلەفیەکانەوە[1]، بەڵام هیچ کات نابینیت فەتوایەکی شێخ "صالح الفوزان"

---

[1] ئەوەشیان پێ ڕادەگەیەنم تازەترین فەتوای شێخ "صالح الفوزان" دەربارەی "حكم بغير ما أنزل الله" کە لە بەرواری ١٠/١٠/١٤٢٨هـ-"٢٠٠٧" دەرچوو ، لەو فەتوایەدا شێخ "صالح الفوزان" هاودەنگە لەگەڵ "شێخ ابن باز" و "شێخ ئەلبانی" و "شێخ ابن العثيمين" دا ، وە زۆر بە ڕوونی بواری "حكم بغير ما أنزل الله "و"كفرٌ دون كفر" لای ئەهلی سوننە ڕوون دەکاتەوە، **بۆ گوێگرتن لەو فەتوایە بە دەنگی شێخ صالح الفوزان، گوێ بگرە لە فەتوای ژمارە ( ٨٤ ) لەناو سیدیەکەدا**، کە ئەمەش دەقی فەتواکەیە:

**سؤال** :

أحسن الله إليكم -فضيلة الشيخ- من أصعب المسائل المشكلة عند الشباب -أو بعض الشباب- مثلاً- (تحكيم القوانين الوضعية)؛ فنرجو التوضيح فيها -حفظكم الله-تعالى-؟

نـەقڵ بکـەن لـەبواری حزبایەتیـدا ، بۆچـی؟ چـونکە لـەبواری حزبایەتیـدا فەتواکانی زۆر ڕوونـە و حزبایـەتی بـەگومڕای دەزانێـت ، بۆیـە بۆیـان تأویـل ناکرێـت تا لەگەڵ بنەمای حزبایەتیدا بیگونجێنن.

٢. هەنـدێك جـار دەبیـنین هەنـدێك لـە فـەتواکانی شـێخ "ابـن بـاز" یـان "شـێخ ئەلبانی" نەقڵ دەکەن لەبواری حزبایەتیـدا و دەیکەنـە بەڵگـە بـەوەی "شـێخ ابن باز" و "شێخ ئەلبانی" حزبەکانی ئـەمڕۆ بـە دروسـت دەزانـن! !، کـە لـە ڕاستیدا وا نیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نابینیت لە بواری "حكم بغير ما أنـــزل الله" دا فەتوای شێخ ابن باز و شێخ ئەلبانی نەقڵ بکـەن، چـونکە فـەتواکانیان لەم بوارەدا لەگەڵ بیروڕای ئەواندا ناگونجێـت.

---

**فقال العلامة الفوزان** :

هذا وضَّحه العُلماء.

وأقربُ شيءٍ «تفسير ابن كثير»-رحمه الله-، يقول:

الذي يحكم بغير ما أنزل الله، إن كان يرى أنه أحسن من كتاب الله، أو أن حكمه أحسـن مـن حكـم الله، أو أن حكم غير الله مساوٍ لحكم الله، وأنّه مخير إن شاء حكم بما أنزل الله أو حكـم بغـيره عـلى التخيـير: فهـذا يحكـم بكفره.

بلا شك هذا كافر بالإجماع.

أما إذا كان يعتقد أن حكم الله هو الحق، وأن القانون باطل، ولكنه يحكم به لِهَوىً في نفسه، أو طمعٍ ينالُه: فهـذا ظالم وفاسق.

لكنْ؛ لا يُحكم بكفره؛ لأنه يعتقد أن حكم الله هـو الواجـبُ، وأن حكـم غـيره باطـل، ولكنـه فعـل هـذا إمـا لتحصيل وظيفة، وإما لطمع من المطامع وهو عقيدتُه باقية، عقيدتـه في كتـاب الله، وأنـه هـو الحـق، وأنـه هـو الواجب الحكم به، عقيدته باقية.

فهذا يفسّق ولا يحكم بكفره؛ لأن هذا كُفْرٌ عَمَلِيٌّ».

(محاضرةَ «التكفير بين الإفراط والتفريط» للشيخ صالح بن فوزان الفوزان –حفظه الله-؛ والتي كان قد ألقاهـا في (جـامع الراجحـي) في مدينـة الريـاض عاصـمة المملكـة العربيـة الـسعودية، وذلـك بتـاريخ ١٠/ ١٠/ ١٤٢٨هـ"٢٠٠٧ ")

کەوابوو ئەوان تەنها ئەو بەڵگانە( چ لە قورئان و فەرموودە ، چ لەوتە و ئیجماعی زانایان ) نەقڵ دەکەن کە بۆیان تأویل دەکرێت، وە ئەوەشی کە نەقڵی دەکەن لەو بەڵگانە بۆ پاڵپشتی مەرامی خۆیانە نەك وەکو بەڵگەیەك کە پشتی پێ ببەستن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەڵگانەی تر دەشارنەوە کە لەگەڵ ڕێبازی ئەواندا ناگونجێت.